## شۆڕشڤان شڕۆ:

# کلیپیش وەک هەر کارێکی هونەری ستایلی تایبەت بە خۆی هەیە

شۆڕشڤان سدیق، گەنجێکی کوردی زۆر بەتوانایە و بە شێوەیەکی مۆدێرن و نوێ وەك دەرهێنەر کلیپ دەکات، شێواز و ستایلی کلیپەکانی ئاشکرایە و تایبەتمەندییەکی پێوە دیارە و زۆربەی هونەرمەندە کوردەکان کلیپیان لە دەرهێنانی ئەوە، تا ئێستا کاری دەرهێنانی بۆ زیاتر لە هەزار و پێنج سەد کلیپ کردووە، چونکە بە جددی و راستگۆیی کارەکانی ئەنجام دەدات و کلیپەکانی مایەی رەزامەندی هونەرمەندەکانن و دەبنە هۆکارێك بۆ سەرکەوتنی گۆرانییەکانیان، لەم دیمانەیەشدا بە راشکاوی وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دەداتەوە.



*** باوکت شاعیرێکی ناسراوە، ئایا هیچ ڕۆڵێکی هەبووە لەوەی ڕوو لە کاری دەرهێنان بکەی؟**

- بێگومان ئەو کەسێکی نزیکە لە من و زۆریش سروشتییە ئەگەر باوك کاریگەریی لەسەر ڕۆڵەکانی هەبێت لەو کارەی پێشکەشی دەکەن، بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە ژینگەی دەوروبەریش کاریگەریی بەسەر مرۆڤەوە هەیە، لە هەمان کاتدا ئەو توانا و بەهرەی کە خودی مرۆڤەکەش لە بوارێکی دیاریکراو هەیەتی، ناکرێ فەرامۆش بکرێ، بۆیە ڕووکردنم لە بواری دەرهێنان شتێکی سەیر نییە.

*** لە هونەردا هەر هونەرمەندێك ستایل و ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە کە لەسەری دەڕوات، ئایا لە دەرهێنان شتێکی وا هەیە کە دەرهێنەر پێی بناسرێتەوە؟**

- من ئەکتەر نیم تا نواندن بکەم، هەر کارێك بکەم بە قەناعەتەوە دەیکەم کە ستایلی تایبەت بە خۆمە لە بواری دەرهێنان، بێگومان هەر کارێکیش تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لەوانە سیناریۆ، مۆنتاژ و هەڵبژاردنی شوێنی کار، کە من پێموایە هەموویان گرنگن و بە یەکەوە گرێدراون بۆ سەرکەوتنی هەر کلیپێك.

*** کلیپ تا ڕادەیەك هەستیارە و دەچێتە هەمووماڵێك، لە کلیپەکانت چی لەبەرچاو دەگری؟**

- پێموایە لە هەموو کارێکی هونەری کوردیدا پێویست دوو شت ڕەچاو بکرێ کە بە لای منەوە زۆر گرنگن، یەکەمیان: هەست و سۆزی کۆمەڵگەی کوردی زۆر گرنگە، چونکە ئێمە کار بۆ کۆمەڵگەی خۆمان دەکەین، دووەمیشیان زۆر حەز لە نوێ بوونەوە دەکەم کە پێموایە ئەمەش زۆر پێویستە بۆ هونەری کوردی، بەڵام نابێ هیچیان لەسەر حیسابی ئەویتریان بێت.

*** زیاتر قسەی خۆت بەسەر هونەرمەنددا فەرز دەکەی، یان هونەرمەند چی بوێ تۆ ئەوەی بۆ دەکەی؟**

- لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا تەنیا دەڵێم ئەگەر هونەرمەند، یان پێشکەشکار هەست بکات هەوڵمداوە خۆمی بەسەردا فەرز بکەم، ئەوا لە دڵەوە هیوای کاری جوانتر و باشتری بۆ دەخوازم.

*** تا چەند لە کلیپەکانت ڕەچاوی تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی کوردەواری دەکەی؟**

- کۆمەڵگەی کوردی تایبەتمەندیی زۆری هەیە، من هەوڵ دەدەم ئەو شتانە لە کلیپەکانمدا نیشان بدەم کە زیاتر پێی بناسرێت، بۆ نموونە جلوبەرگی کوردی شان بە شانی شتی نوێ لە کلیپەکانمدا ڕەنگ دەدەنەوە.

*** دەڵێن شۆڕشڤان زۆر حەز دەکات لە کلیپەکانیدا ڕەنگ بەکار بهێنێت، هۆکاری ئەو زۆرییە لە ڕەنگەکان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بە شێوەیەکی سروشتی چاوی مرۆڤ حەز لە بینینی شتی جوان و ڕەنگاوڕەنگ دەکات، تێکەڵاویی ئەم ڕەنگانە لەگەڵ جووڵەی بەردەوام جیهانێکی خۆش و تازە بۆ چاو و مێشك دەڕخسێنن و دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی بینەر.

*** کلیپەکانت زیاتر نوێگەراییان پێوە دیارە، ئەمە پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە یان بەپێی ئەو سیناریۆیەیە کە بۆت دادەنرێ؟**

- دەرهێنەر بە گشتی پێویستە لە چەند لایەنێکی هونەری شارەزا بێ، من لە یەك کاتدا شێوەکارم، موزیکژەنم، هەروەها وێنەگریشم، پێویستە ئەم سێیە بە یەکەوە لە یەك کاتدا بەکاربهێنم و بە باشترین شێوە نیشانیان بدەم، چونکە جیهانی من لەو هونەرانە پێکدێت.

*** بەشێك لە دەرهێنەران پشت بە تەکنۆلۆژیا و کرۆما دەبەستن، تۆ تا چەند لەگەڵ ئەو کارەی؟**

- وەك لە پێشتردا باسم کرد هەر دەرهێنەرێك ستایل و جۆری کارکردنی خۆی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی من خۆم باکگراوەند هەڵدەبژێرم، بۆیە زۆر پێویستم بە بەکارهێنانی کرۆما نییە.

*** تۆ زیاتر بە دەرهێنەری کلیپەکان ناسراوی، بۆ لە فیلم دەرنەکەوتی؟**

- کارەکانم گەواهیدەری تواناکانمن لە بواری خۆم، بێگومان من توانای زۆرم لەو بوارەشدا هەیە، لە وڵاتە پێشکەوتووەکان فیلم بەرهەم دەهێنن کە سوودی بۆ کۆمەڵگە و ژیانی تاکەکانی هەبێت، منیش ئەو ئاواتەم هەیە، بەڵام تا ئێستا بودجەیەکی ئاوام لەبەر دەست نەبووە، ئەگەر کارێکی لەو جۆرەش بکەم، دەبێتە کارێکی کوردی مۆدێرن.

*** تا ئێستا کاری دەرهێنانت بۆ چەند کلیپ کردووە؟**

-ناتوانم ڕێك ژمارەیەك بڵێم، بەڵام تا ئێستا کاری دەرهێنانم بۆ زیاتر لە هەزار و پێنج سەد کلیپ کردووە، ئەمە جگە لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان و کاری دیکیومنتاری، بۆ نموونە بەرنامەی (بێ کۆنترۆڵ) لە دەرهێنانی من بوو کە کچە پێشکەشکار و گۆرانیبێژی بە توانا دەشنێ موراد پێشکەشی دەکرد و چەندین بەرنامەی دیکە.

*** کام کلیپ زیاتر کاریگەری بەسەر تۆوە هەبووە، یان هۆکارێك بووە بۆ ناسینیت لەلایەن جەماوەر؟**

- من ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، چونکە پرسیارێکی قورسە و ڕێز و سڵاوم بۆ هەموو ئەو هونەرمەندانە هەیە کە تا ئێستا کاریان لەگەڵدا کردووم.

*** دوایین کاری کلیپت چی بووە؟**

- ئێستا سەرقاڵی ١٠ کلیپی نوێم کە زۆربەیان لە قۆناغی مۆنتاژن و لە کوردستان و ئەورووپا وێنەیان گیراوە.

**هەوڵ دەدەم هەستی کۆمەڵگا بریندار نەکەم و نوێکاری لەکارەکانمدا بکەم**

**پێویستە دەرهێنەر لەیەک کاتدا دەرهێنەر و شێوەکارو موزیکژەن بێت**

# دیبیکا حەز دەکات لە فیلمێکی ئێرانی بەشداری بکات

کچە ئەکتەری هیندی دیبیکا بادۆکۆن رایگەیاند کە لە نزیکەوە سەیری سینەمای ئێرانی دەکات و زۆریش سەرسامە بە سینەماکارانی ئێرانی بۆیە لە دڵەوە ئارەزوو دەکات، لە دەرەوەی بۆڵیۆد بەشداری لە کارێکی سینەماییدا بکات، کە پەیامێکەی مرۆڤایەتی بێت و سوودی بۆ کۆمەڵگە بە گشتی هەبێت . هەر سەبارەت بە سینەمای دەرەوەی بۆڵیۆد دیبیکا وتی: من زیاتر حەز دەکەم لە کارێکی ئێرانیدا بەشداری بکەم، نەك عەرەبی، چونکە زانیاری زۆرم دەربارەی هونەرمەند و ئەستێرە عەرەبەکان نییە، ئەو کاتەشم بۆ نەرەخساوە کە سەیری فیلمی عەرەبی بکەم، بەڵام ئەگەر کارێکم پێشکەش بکرێت و بزانم تێیدا سەرکەوتوو دەبم، رەنگە رەتی نەکەمەوە هەرچەندە لە دڵەوە حەز لە سینەمای فەرەنسی و ئێرانی دەکەم، چونکە وەك پێشتریش رامگەیاند کاتێکی زۆری خۆم تەرخان دەکەم بۆ بینینی فیلمی





# داوای کشانەوەی ئەلبوومی ئەلیسا دەکەن

ئێرانی و فەرەنسی.

دەبارەی هۆڵیۆد و دراما تورکییەکان کە ئێستا زۆر بڵاون، دیبیکا وتی: رەنگە دەرکەوتن لە هۆڵیۆد خەونی سەرەکیی هەر ئەکتەرێك بێت، بەڵام بە لای منەوە زۆر گرنگەوە لە هۆڵیۆد بناسریم، زۆریش شارەزاییم لە دراما تورکییەکان نییە، خۆیشم نازانم بۆچی دراما تورکییەکانم نەبینیوە.



## ئەنابیلا:
# جوانییەکەی خۆم بە سروشتی دەزانم

لە یەکێك لە ئەڵقەکانی بەرنامەی « Arab Idol» ئەنابیلا هیلال بەشێوە و لۆکێکی جیاواز لە لۆکەکانی پێشووتر دەرکەوت، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر جوانتر و سەرنجڕاکێشتر، ئەم دەرکەوتنە جیاوازەی ئەنابیلا وایکرد، بینەرانی بەرنامەکە جگە لە باسکردنی بەرنامەکە و بەشداربووانی زیاتر باسی دەرکەوتنی ئەنابیلا بکەن و بە هۆکارێکی سەرکەوتنی بەرنامەکەی بزانن.

ئەنابیلا بە کراسێکی رەشی درێژ دەرکەوت کە لای سەرەوەی رووت بوو، قژیشی بە ستایلێکی قەرەجی داهێنابوو، مکیاژێکی زۆر تەنکی بەکارهێنابوو، بەڵام ئەوەی بۆ بینەران مایەی سەرنج بوو، رەنگی دەستەکانی ئەنابیلا بوو، چونکە رەنگی دەستی زیاتر کراوەتر بوو، ئەمەش تا رادەیەك سەیر بوو، بۆیە پرسیاری هۆکاری ئەم گۆڕانکارییانەیان کرد. لە لایەن خۆیەوە ئەنابیلا دەربارەی مکیاژەکەی وتی: یەکەم جار لە ژیانمدا کە مکیاژم بەکارهێنا، تەمەنم هێشتا ١٨ ساڵ بوو، زۆریشم لە لا سەیر بوو، چونکە پسپۆڕێکی تایبەت بە مکیاژ بۆی کردم، بەڵام ئێستا زۆربەی جارەکان خۆم مکیاژەکەم دادەنێم، زۆریش حەز لە مکیاژی ناسك و ئەو مکیاژانە دەکەم کە زیاتر جوانیی مێیەتی ئافرەت دیار بخات، سەرەڕای ئەمەش من زۆر جار بێ مکیاژ دەچمە دەرەوە، چونکە من ئافرەتێکی ئاساییم لە دەرچوون و هەڵسوکەوت و جوانییەکەشم بە جوانییەکی سروشتی دەزانم.

ئەنابیلا سەبارەت بە گرنگیی مکیاژ زیاتر دەڵێت: من چێژێکی تایبەت لە مکیاژکردن وەردەگرم، بۆیە هیچ کاتێك بە ئەرکێکی قورسی نازانم، بەڵکو بە ئەزموونێکی گرنگی ژیانی خۆمی دەزانم.

میراتگرانی هونەرمەند و ئاوازدانەر مونیر موراد سکاڵایەکیان دژی کۆمپانیای رۆتانا بۆ دەنگ و رەنگ پێشکەش بە دادگا کرد، هۆکارەکەشی یەکێك لە گۆرانییەکانی ئەلبوومە نوێیەکەی خانمە هونەرمەندی لوبنانی (ئەلیسا)یە کە یەکێك لە گۆرانییەکانی (مونیر موراد)یش لە خۆ دەگرێت.

ئەلبوومە نوێیەکەی ئەلیسا (حالە حب) گۆرانییەکی مونیر مورادی تێدایە بە ناوی (اول مرة تحب یا قلبي)، بەڵام ئەلیسا بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ خانەوادەکەی گۆرانییەکەی گوتووە و پێشتر لەلایەن هیچ یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی رێگەی پێ نەدراوە گۆرانییەکە دووبارە بکاتەوە، ئەمەش لە رووی یاساییەوە بە سەرپێچی دادەنرێت و پێویستە ئەلبوومەکە لە بازاڕەکاندا بکشێنرێتەوە بۆ ئەوەی تووشی سزای یاسایی نەبنەوە .

دوو کەس لە خانەوادەی مونیر موراد دوو پارێزەریان راسپاردووە بۆ ئەوەی رێوشوێنی یاسایی دژی رۆتانا بگیرێتەبەر و بڕی ٢٠٠ هەزار جونەی میسری وەك قەرەبوو لە کۆمپانیای ناوبراو وەربگیرێت، ئەلبوومەکەش لە بازاڕەکاندا بکشێنرێتەوە، بۆیە لەسەر داوای دوو پارێزەرەکە دادگای قاهیرە بڕیاریداوە لە رۆژی ١٢ی ئەم مانگە دانیشتنێکی تایبەت بەم کێشەیە ئەنجام دەدات، کۆمپانیای رۆتانا بەر لە بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکە پرسیان بە خانەوادەی ئیسماعیل حەبروك کردووەو پرسی بە خانەوادەی مونیر نەکرد، ئەمەش بووە مایەی تووڕەبوونی زیاتریان. شایەنی وتنە پێشتر هونەرمەندی ناوداری میسری عەبدولحەلیم حافز بۆ یەکەم جار گۆرانییەکەی وتووە کە ئاوازەکەی لەلایەن مونیرەوە دانراوە و دواتریش چەندین هونەرمەندی دیکە لە بۆنە جیاجیاکاندا گۆرانییەکەیان دووبارە کردۆتەوە.

# سەرنجڕاکێشترین ئەستێرەکانی هۆڵیۆد

**ساڵانە لە ڕێگەی بەرنامە و گۆڤار و ڕۆژنامە هونەرییەکانەوە ڕاپرسی جۆراوجۆر دەربارەی دەوڵەمەندترین و سەرنجڕاکێشترین و سەرکەوتووترین ئەکتەرەکانی هۆڵیۆد ئەنجام دەدەرێت و ژمارەیەکی زۆری خوێنەر و بینەرانیش لە سەرتاسەری جیهان بەشداریی تێدا دەکەن.**

بەشداری کردنی جەماوەر لەم جۆرە ڕاپرسییانەدا دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستی ئەم خەڵکە بۆ ئەستێرەکانیان، بەم دواییەش کەناڵی (CBS) لە ماڵپەڕی تایبەتی خۆیدا ڕاپرسییەکی ئەنجامدا دەربارەی سەرنجڕاکێشترین ئەستێرە سینەماییە پیاوەکان بە لای جەماوەرە، لەو ڕاپرسییەدا زیاتر لە چوار سەد هەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد. ئەنجامی کۆتایی ڕاپرسیی سەرنجڕاکێشترین ئەستێرەکانی هۆڵیۆد بەم شێوەیە بوو:

* براد بیتی ئەستێرەی سینەمایی بە سەرنجڕاکێشترین ئەستێرە لە مێژووی هۆڵیۆد هەڵبژارد، براد بێت ساڵی١٩٦٣ لە وێلایەتی ئۆکلاهۆما لە دایك بووە و زۆربەی تەمەنی خۆی لە ویلایەتی میزۆری بەسەر بردووە و بە یەکێك لە بەناوبانگترین و خاوەن زۆرترین جەماوەر دادەنرێت، ئەمەش لەبەر لێهاتوویی و بەرزیی ئاستی ئەو فیلمانەی کە بەشداری تێدا کردووە و زۆربەی ئەو فیلمانە بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی ئۆسکار پاڵێوراو بوون.

جگە لەمە براد بێت بەوە ناسراوە کە توانای بەرجەستە کردنی ڕۆڵی جیاجیای هەیە و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزە، دوای ئەوەی لە جنیڤەر ئەنیستۆن جیابۆوە، پەیوەندییەکی نوێی لەگەڵ ئەنجلینا جۆلی بەست و لەبەر ئەوەی ئەنجلینا باڵیۆزی نیازپاکییە بۆیە براد زۆر هاوکاری دەکات و بەشداری لە زۆربەی کار و چالاکییە خێرخوازییەکانیدا دەکات لە سەرتاسەری جیهان، لە دوای ئەم هاوسەرگیرییەی لەگەڵ ئەنجلینا زیاتر ناوبانگی دەرکرد و بوون بە باسی میدیاکان، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەنجلینا بە نەشتەرگەری هەردوو مەمکی بڕیەوە و براد بیتیش پاڵپشتی و پشتیوانییەکی زۆری کرد و بە ڕەسمی پەیوەندیی هاوسەرگیریی خۆیان ڕاگەیاند.

* لە پلەی دووەم ویڵ سمێسی ڕەش تاڵە هات، ویڵ سمێس ساڵی ١٩٦٨ لە ویلایەتی پەنسلڤانیا لە خێزانێکی چینی ناوەندی لەدایکبووە، ژیانی هاوسەری لەگەڵ جادا پیکیت پێکهێناوە و دوو منداڵیان هەیە، سمێسی ڕوج جگە لە کاری نواندن یەکێکە لە ئەستێرەکانی موزیکی پۆپ لە ئەمریکا و چەندین جار خەڵاتی بەدەستهێناوە و خاوەن توانا و





بەهرەیەکی زۆرە، ئەمەش وای لێکردووە بە بەردەوام فیلمەکانی داهاتێکی خەیاڵییان هەبێت، جا فیلمەکانی دراما، یان کۆمیدی، یان ئەکشن بن.

* ماسیۆ ماکۆنی بە پلەی سێیەم هات، ماسیۆ ساڵی ١٩٦٩ لە ویلایەتی تکساس لەدایکبووە، باوکی بەنزینخانەیەکی هەبوو، سەرەتا بەشداری لە ریکلامە بازرگانییەکاندا کرد و بە لەش و ماسوولکەکانی ناوبانگی دەرکرد بوو، هەر ئەمەش وای لێکرد روو لە تەلەفزیۆن بکات و لەوێشە بچێت بۆ شاشەکانی هۆلیۆد و ببێت بە یەکێك لە پاڵەوانەکان، ماسیۆ بەشداری لە چەندین فیلمدا کردووە کە زۆربەیان فیلمی ئەکشن بوون، بەناوبانگترینیان فیلمی (بیابانەکان و چۆن پیاوێك لە دەست دەدەی و مافی کوشتن) لەگەڵ ژمارەیەك لە زنجیرە و فیلمی تەلەفزیۆنی.

*بە پلەی چوارەم ریچارد گیری تەمەن ٦٤ ساڵ هات، گیر لە فیلادیلفیا لە دایکبووە سەرەتا لە رێگەی موزیکەوە چووتە نێو جیهانی هونەرەوە، لە ساڵی ١٩٧٤ بە رۆڵێکی بچووك رووی لە کاری نواندن کرد، هەرچەندە رۆڵەکەی بچووك بوو، بەڵام دواتر بوو بە یەکێك لە گرنگترین و بەناوبانگترین ئەستێرەکانی هۆلیۆد و رۆڵەکانی کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر جەماوەرە هەبوو. جوانی و سەرنجڕاکێشی گیرو فیلمە رۆمانسییەکانی زۆرترین داهات و ناوبانگیان هەبوو لەوانەش فیلمی (ئافرەتێکی جوان) لەگەڵ جۆلیا رۆبێرتس.

گیر ژیانی هاوسەری لەگەڵ کاری لویل پێکهێناوە و خاوەنی منداڵێکن، ئەمە بەر لەوەی لە نمایشکاری پێشووی جلوبەرگ سیندی کراوفۆرد جیا ببێتەوە، گیر بەوە ناسراوە کە چەندین هەڵوێستی سیاسی هەبووە دژی سیاسەتەکانی حکومەتی چین و یەکێکە لەو کەسانەی پشتگیری لە کێشەی تبت دەکەن و زۆریش نزیکە لە دلای لاما، هر بۆیەش هەندێك کەس پێیانوایە بە رەچەڵەك خەڵکی تبتە.

* توم کروزیش بە پلەی پێنجەم هات، کروز یەکێکە لە ئەستێرە هەر ناودارەکانی هۆلیۆد بەتایبەتی لە فیلمەکانی ئەکشن و یەکێکە لەو ئەکتەرانەی هۆلیۆد کە خاوەنی زۆرترین داهاتە.

کروز ساڵی ١٩٦٢ لە نیویۆرك لەدایکبووە، ئەویش لە ساڵی ١٩٨١ بە رۆڵێکی ناوەندی بەشداری لە فیلمێکی سینەماییدا کرد، دواتر بوو بە یەکێك لە ناودارترین ئەستێرەکانی هۆلیۆد و هەمیشە ناوی لە سەرووی ئەو راپرسییانە دەهات کە سەبارەت بە سەرنجڕاکێشترین ئەستێرەکانی هۆلیۆد ئەنجام دەدران.

